# ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوک لە سویسرا، موسڵ شارێکی کوردستانی یە!




شەممە 17.12.2005

دەرسیم دیبەگەیی

Darsim88@hotmail.com


جێگەی داخە، کاتێک ڕێکخراوێک کە لەپێناوی سڕینەوەی شوێنەواری بەعەرەبکردنی شارێکی کوردستانی وەکو کەرکوک دامەزرابێ‌و خەباتو هەوڵەکانی بەو ئاقارەدا ئاراستە بکات، کەچی نەک هەر هەست بەئێش‌و ئازارەکانی بەعەرەبکردن‌و ڕاگواستنەکانی دانیشتوانی کوردی ڕەسەنی شارێکی تری کوردستانی نەکات، بەڵکو بەشارێکی نا کوردستانی ناوزەد بکاتو تا ئەو ڕادەیە بێ ئاگابێ‌و، شارەزای مێژووی بەعەرەبکردن‌و ڕاگواستنی کوردی شارێکی وەکو شاری موسڵ-ی کوردستانی دەستە خوشکی شاری کەرکوک نەبێتو بەشارێکی ناکوردیشی ناوببات!!

ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوک لە سویسرا، لە بەیاننامەیەکی نارەزایی خۆیدا کە لەژێر ناوی "بەیاننامەی نارەزایی ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوک" کە لە 21.11.2005دا نووسراوەو لە 22.11.2005دا لە ماڵپەڕی "پوک ئۆنلاین"دا بڵاوکراوەتەوەو، ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرۆک کۆماری ئێراق، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پارتو ڕێکخراوە ڕامیاری‌و پیشەییەکانی کوردستان‌و ئازادیخوازانی جیهان کراوە، لە خاڵی سێیەمی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە: (گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کەخراونەتە سەر پارێزگاکانی تری ناکوردی، وەک موسڵ‌و تکریتو دیالا، بێ قەیدوو مەرج بگێڕنەوە سەر کوردستان‌و هەروەها ئەو شوێنە دابڕاوانەی کە خراونەتەسەر پارێزگاکانی سلێمانی‌و هەولێر بگەڕێندرێنەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی‌یە کۆنەکەی خۆی، کە ئەمانە بەپێی سیاسەتێکی شۆڤینیانە نەخشەی بۆ دارێژرابوو بۆ نەمانی ئاسەواری کورد).

نەک تەنیا بەڵگەنامە زۆرن بۆ سەلماندنی کوردێتی‌و کوردستانێتی شاری موسڵ کە لەنێویاندا چەندین گەڕیدەو مێژوونووس‌و جوگرافیناسی عەرەب خۆیان گەواهی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەدەن، بەڵکو بەگەڕانەوە بۆ مێژوو، کوردستانییەتی هەردوو شاری دیالەو تکریت-یش، دەتوانرێت بەئاسانی ڕوونبکرێتەوە!

بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی شاری موسڵ، تەنیا یەک بەڵگەنامە دەخەمەڕوو کە تەواوی سەرکردە کوردستانییەکان، سیاسەتمەدارانی کوردستانی، پارتە کوردستانییەکان، کوردستانییەکان‌و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دژ بە بەعەرەبکردنی کەرکوکو کوردستان، بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی شاری کەرکوک پشتی پێدەبەستن، ئەویش بەڵگەنامەکەی بیبلیۆگرافیستو زاناو گەڕیدەی بەناوبانگی تورک شەمسەدین سامی‌یە کە لە لاپەڕە 3846ی قاموسی ئەعلامی تورکی عوسمانی (ئینسکلۆپیدیای عوسمانی)، کە لەساڵی 1314ی ک (1897)دا لەچاپدراوەو دەقی ئەو لاپەڕەیە بەزمانی تورکی لەگەڵ وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی لە لاپەڕە 5ی ژمارە 474ی هەینی 24.5.2002 ی ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (کەرکوک شارێکە.. دەکەوێتە ناو ویلایەتی موسڵی کوردستانی‌و بەدووری (160) کم لەباشووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ کە مەڵبەندی هەرێمی شارەزوورە، ژمارەی دانیشتوانی 30 هەزار کەسە، سێ بەشی (22500 کەسی) ئەو ژمارەیە کوردەو، بەشەکەی تری بریتییە لە تورکو عەربو خەڵکانی تر، هەروەها 670 جولەکەو 430 کلدانی تیا دەژیت).

ئەو بەڵگەنامەیەی کە لە ئینسکلۆپیدیای عوسمانی‌دا هاتووە، بەڵگەیەکی دووسەرەیەو دەتوانرێت بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی هەردوو شاری کەرکوکو موسڵ بەکاربهێنرێت، هەروەکو کورد گوتەنی: شەمسەدین سامی، بە بەردێک دوو چۆلەکەی بۆ کوشتووین، ئەگەر بێتوو ئێمەی کورد بەووریایی ئەو بەڵگەیە بەکار بهێنین. کاتێ کە ئەو ئینسکلۆپیدیایە دەنووسێت: (کەرکوک شارێکە.. دەکەوێتە ناو ویلایەتی موسڵی کوردستانی)، کەواتە تەواوی ویلایەتەکە کە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دهۆک، خانەقین‌و بەشێکی دیالە) دەگرێتەوە کوردی‌و کوردستانین. ئەگەر بێتوو، ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوک لە سویسرا، بەووردی تەنیا ئەو بەڵگەنامەیان لەسەر شاری کەرکوک بخوێندبایەوە، ئەوە هەرگیز هەڵەیەکی وایان نەدەکرد کە شاری موسڵ-ی کوردستان بەشارێکی ناکوردی ناوببەن.